بڕیاری ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا دەست دەکات بە خەرکردنی موچەی مانگی پێنجی فەرمانبەرانی هەرێم دەکرێت



موتەبەع دەقی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان بەغداو هەرێم لەبارەی هەناردەی نەوت و داهاتی نەوتی و نانەوتی و موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەاوەدکاتەوە کە ئەمڕۆ لەلایەن ئینجومەنی وەزیرانی عێراقەوە پەسەندکرا. بڕیاری ڕێککەوتنەکە وەزارەتی دارایی فیدراڵ لەدوای ڕادەستکردنی نەوت لەلایەن هەرێمەوە دەست دەکات بە خەرکردنی موچەی مانگی پێنجی فەرمانبەرانی هەرێم.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، ئینجومەنی وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەی نائاسایی خۆیدا، دەقی ڕێککەوتنی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان لەبارەی هەناردەی نەوت، داهاتی نەوتی و نانەوتی و موچەی فەرمانبەرانی هەرێم پەسەندکرد.

دەقی ڕێککەوتنەکە وەک ئاوڕی لەلایەن نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە باوکراوەتەوە، بەمشێوەیە:

یەکەم: دەسپێی ڕادەستکردنی نەوت:

1.حکومەتی هەرێم دەستبەجێ دەست دەکات بە رادەستکردنی تەواوی نەوتی بەرهەمهێنراو لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم بە کۆمپانیای بە بازارکردنی نەوت(سۆمو) بەمەبەستی هێناردەکردنی، وەزارەتی دارایی فیدراڵیش پابەند دەبێت بە پێدانی سولفیەك بە حکومەتی هەرێم کوردستان بڕی 16 دۆلار بە هەر بەرمیلێك نەوتی رادەستکراو، ئەوەش بگۆڕێ هەمواری یاسای بودجە، بەمەرجێك بڕی رادەستکراوی نەوت کەمتر نەبێت لە 230 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە بۆ ئەستاو هەر زیادییەکیش لە بەرهەمهێنادا لە داهاتودا دەخرێتەسەری لێگەڵی لیژنەیەکی هاوبەشی پەوانەو، لە کاتی وەستانی هێناردەکردن لەبەر هەر هۆکارێك، بڕی ئاماژە پێدراو رادەستی وەزارەتی نەوتی فیدراڵ دەکرێت.

(ڕونکردنەوە: بڕی تەواوەتی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەستادا 2080 هەزار بەرمیلی ڕۆژانەیە بگۆڕێ ڕاپەرتەکانی هەرێم، لەو بڕە 50 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە تەرخان دەکرێت بۆ مەبەستی بەکارهێنانی نەوخێیی لە هەرێم و هەمو ئەوەشی دەمێنێتەوە کە 230 هەزار بەرمیلی ڕۆژانەیە رادەستی سۆمو دەکرێت بەمەبەستی هێناردەکردن لەگەڵ هەر زیادییەکی بەرهەم لە داهاتودا).

2.بڕی 50 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە تەرخان دەکرێت بۆ بەکارهێنانی نەوخێیی لە هەرێم و دەبێت هەرێم پابەندبێت بۆ پێدانی خەرجکردنی تێچوی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی ئەم بڕە هەروەها داهاتی فرۆشتنی مشتەقاتە نەوتییەکان پاش لێدەرکردنی تێچوی بەرهەمهێنان و گواستنەوەو پاڵاوتن، دەخرێتە سەر خەزێنەی گشتی. لە کاتی پێویستی هەرێمدا، وەزارەتی نەوتی فیدراڵ بڕپێی یاسا بەرهەمە نەوتییەکان بۆ هەرێم دابین دەکات، بەشێوەیەك کە زیاتر نەبێت لە بەرهەمی پاڵاوتنی 15 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی ڕۆژانە، لیژنەیەکی هاوبەشیی وەزارەتی نەوتی فیدراڵی و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش هەڵدەستن بۆ هەڵسەنگاندنی پێویستی هێنوکەیی هەرێم بۆ بەرهەمە نەوتییەکان بەمەبەستی تەرخانکردنی، بەمەرجێك لەماوەی دو هەفتەدا لیژنەکە ڕاپەرتی خۆی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزبکاتەوە بۆ بڕیارلێدان.

دووەم: دەسپێی داهاتە نانەوتییەکان:

1.حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 120 ملیار دینار وەك یەکەم گوژمێی خەمڵێندراو لە پشکی خەزێنەی گشتی دووسەت لە داهاتی نانەوتی بۆ مانگی ئایار ڕادەستی وەزارەتی دارایی فیدراڵی دەکات تا پاکتاوکردنی لەدوای وردبینیکردن بگۆڕێ بگەی 2ی خوارەوە.

2.تیمێکی کارکردن لە وەزارەتی دارایی فیدراڵ، دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ

وەزارەتی دارایی و دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێم پێکدەهێنرێت بەمەبەستی پەلەنکردنی داهاتە نانەوتییەکان و وردبینکردنیان و دیاریکردنی پشکی حکومەتی فیدراڵی لەیان لە سەرەتای مانگی ئایاری 2025ەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕەای تێکڕای داهاتە نانەوتییەکان بەگوێرەی تەرازوکانی پێداچونەوە لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکانی نێوان دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ و دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێم لەکاتی چونە بواری جێبەجێکردنی یاسای بودجەی گشتیی فیدراڵی بڕکار و دەبێت تیمێکە لەماوەی دو هەفتەدا ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکات بۆ بڕیار لێدانی.

3. پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم بۆ تاوتوێکردنی موچڕ لە هەرێم بگوێرەی بڕیاری دادگای فیدراڵی، بەمەرجێك لیژنەکە لەماوەیەك کە لە سێ مانگ تێنەپەڕێت ئەرکەکەی تاوتوێکردنیش لە کۆتایی ئەو ماوەیەدا تێنیا بۆ موچڕ تاوتوێکراوەکان دەبێت.

4. تیمێك لە وەزارەتی دارایی فیدراڵ و دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ بۆ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێم پێکدەهێنرێت بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو بڕەی کە لە پشکی هەرێم لە خەرجی فیعلی تێپەڕیوو چێنیەتی چارەسەرکردنی بگوێرەی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ ساڵانی (2023، 2024، 2025)و دەبێت تیمەکە لە ماوەی لانیکەم دو هەفتەدا ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزبکاتەوە.

5. وەزارەتی دارایی عێراق دەست دەکات بۆ خەرجکردنی موچڕی مانگی ئایار وەك سەرەتایەك بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە ئەوەش لەدوای ئەوەی وەزارەتی دارایی فیدراڵ/ کەمپانیای سەمە، ڕادەستکردنی تاوانی ئەو بڕە نەوتەی کە لە بگەی یەکەم/1 (230 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە لە ئەستادا) هاتوە، لە بەندەری جەیهان بگوێرەی یاسا، پشتڕاستدەکاتەوە.

6. سەرەتای ئەو ماوانەی لەم بڕیارەدا ئاماژەیان پێدراوە، ڕێککەوتی پەسەندکردنییەتی لە ئەنجومەنی وەزیران.